# نیگا



باران

ئەحمەد عارف

خەمەکانی دایکێکی کورد لەیەکەم رۆژی هاوسەرگیرییەوە، تادەگاتە منداڵبوون، ئەوەیە کە کوڕی ببێت .. ئەم هێشتا کوڕەکەی گەورەنەبوو ، سکی بە کۆرپەیەکی دیکەپڕکرد، هەمیشە لەسەر بەرماڵ دەپارایەوە : « خوای گەورە ئەمەشیان کوڕ بێت ............ ! « ئەو دەمانە تەکنەلۆجیا هێشتا بەکوردستان نەگەیشتبوو، هەتا دڵەراوکێی دایکەکان کەمکاتەوەو هەر لەڕێوە بزانێ چی لە رەحمیدا هەیە ... هیچی بۆ نە دەمایەوە دوعا و نزا و پاڕانەوەی لای خوا نەبێت ، خواش بۆ خۆی بەندەی خۆی دەناسێت و دەزانێت چی بەکێ دەدات و چۆنی پێدەدات .. زستانەکەی بەقەد خەمی دایکە سک پڕەکان بەفرو باران و سەرمای پێ بوو ... هەمیشە دەست و لاق تەزیو، منداڵێ بە کۆڵیانەوە، یەکێکیش لەسکیاندا، ئەو دەم ژن ژەیش بوو بۆ خزمەتکردنی پیاوان و منداڵان، کارگەش بوو بۆ منداڵ هەڵێنان .. هەمیشە خەمبار، کۆڵ بە کۆڵ و هەناسەسارد، بۆڵە بۆڵی پیاوانیش لە ولاوە بوەستێت .. دوا رۆژەکانی رەمەزان بوو، ژان و ژووری منداڵ بوون زۆری بۆ فاتێ هێنا، ئیدی خەمی پیاوە بوو بە خەمی مامان، کۆڵان بە کۆڵانی سابونکەرانیان گەڕان، مامان پەیدابوو.. لەگەڵ هەموو ژان و ژوور و ناڕەحەتییەکانی منداڵبووندا، هەر هاواری خوای دەکرد کە کوڕی بداتێ .. مامانە کە هاتە قسە و وتی « باوانت شێوێ تۆ بۆ رزگاربوونی خۆت بپاڕێوە .. دوعابکە هەر ساغ و سەلامەت بێت ،. دوعابکە منداڵ بێت و دەعبایە ک نەبێت .. کور .. کور ..» ێستا شوێن و کات زۆر جیاوازن لەو کاتە، بە ڵام منداڵ هەر هەمان منداڵەکەی جاران ، بەڵام بە تەمە نی پەنجاو هەندێ ساڵەوە، راستە ئەوانە ی بە منداڵی بێئیرادە بکرێن، هەر بە هەمان شێوە دەمێننە وە .. هەمیشە رارا دوودڵ ، دوودڵ و بەترس لە بریاردان،. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، وا پێدەچێت ئاخر خێر بێت، چونکە رێکەوتێکی سەیر « سێوە « بە « حەمە « دە ناسێنێت .. « حەمە « تا بڵێی مرۆڤێکی هێدی و پڕ و بە ویژدان لە هەنگاوە لانیدا .. ئەمن یەکتر ناسینە گەشەیکرد، بوون بە دوو هاوڕێی نزیک نزیک ، « حەمە « کە سێکی زۆر بە پرسیاربوو، بەڵام هەمیشە وەک دەروون ناسێک شتەکانی بەوردی لێکدەدایەوە

، رۆژێکیان « سێوە «وتی با بەس بێت ئەم دوراو دوور یەکترناسین ، حەزدەکەم ئەمڕۆ یەکتربببینین .....–» حەمە « وتی « باشە،. لە بەرخۆشییەوە دەیوت چۆن رووبە رووی کچێ ببمەوە کە نەمدیووە، هات بە خەیاڵیدا کە لەباخەکەی حەوشە گوڵێک بکاتەوە و پێشکەشیبکات .. هەر بۆ خۆی لەبەرخۆیەوە« ئەی ئەگەر وەرینەگرت ، ئە وسا چی بکەم ..! « لەبەر دەرگای هۆڵەکە « حەمە « گوڵەکەی دایەدەست « سێوە « ، بەبێ دوو دڵی لێی وەرگرت .. « حەمە « کەوتە نێو شەپۆلێکی پەرتی خەیاڵ و بیرکردنەوەوە ، بەڵام دەستە سارد و سرەکانی « سێوە « و نیگا گەرموگوڕەکانی ، رۆگەی بیر و خەیاڵی « حەمە « یان گۆڕی .. دوای هەموو شتێ « حەمە « وابیردەکاتەوە ، « سێوە « منداڵیەکی تاڵ و پر ئازاری بەرێکردووە ، هەمیشە نە خۆش .. ژێر چەپۆکەی دایک .. نە یتوانیوە قومە ئاوێکی خواسایی بە ئارەزوی خۆی بخواتەوە .. ئێستایش بیرەوەرییەکان دەیباتەوە بۆ کۆڵانەکانی منداڵی ، کەچی نازانێت یاری ماڵە باجێنەش بکات .. تا ئێستا هێندە بە حەسرەتی منداڵی خۆیەوە بووە، هەر منداڵێک دەبینێ بۆی شاگەشکە دەبێت .. مانەوەی « سێوە « وەک گەورە کچێک دەگەڕێتەوە بۆ زوڵم و زۆری دایکێکی کور ویست ، ئەو دایکەی لە سەرە مەرگا بۆ هەموو منداڵەکانی قسەی خۆی هەبوو بەڵم بۆ « سێوە « تەنها ئەوەی وت : « منداڵەکان جێنەهێڵیت ، هەرچیان ویست لە قسەیان دەرنەچیت کچێ ....» رۆژێکی هاوینەیی ، زەنگی تەلەفۆنەکەی « حەمە « بە ئاگای هێنایەوە ، سەیریکرد « سێوەیە « ..– فەرموو ئەمر کە ..! شتێکت پێویستە ....!

– دەکرێ میوانم بیت ، هەر ئێستا بۆ قاوەیەک .... کە « حەمە « گەیشت « سێوە « دەرگای حەوشەی ترازان، گەیشتنە ژوورەوە « سێوە « باوشی پێداکرد، . تاوێکی باش دانیشتن و یەکتریان بە چەند ماچێکی تەڕ سپارد

2015 \ 6\ 15



## - ئەحمەد عەبدولکەریم عارف عەلی

– لە ساڵی ١ \ ٧ \ ١٩٥٣ گوندی حەساری گەورە لە سە ر رێگای کەرکوک کۆی سنجاق لەدایکبووە.

– خوێندنی سە رەتاییم لە گوندی حەساری گەورە تەواوکردووە .

– ناوەندی و دوا ناوەندیم لە کەرکوک لە [ ناوەندی بابە گورگور+ ئامادەیی کوردستان ] تە واوکردووە ...

–لە ناوەندی حەفتاکانی سەدەی رابردوو دەستیکرد بە خوێندنە وەو نوسین .

– یەکەم دەقی لە ساڵی ١٩٧٧ دا و لە رۆژنامەی هاوکاریدا بڵاوکردەوە .

–لە ساڵی ١٩٧٩ نامیلکەی یەکەمی بە ناونیشانی [ کودە تایەک لە پایتەختی دڵێکی شێتا ] بە ناوی ئەحمەد زامدار بڵاوکردۆتەوە ..

–دواتر بەرەو شاخ و بۆ سەنگەرەکانی پێشمەرگایە تی .. لەوێش قەڵەم و کتێب هەمیشە هاوڕێی بوون .. و بە دەیان بابە ت و بەرهەمی بڵاوکردۆتەوە ...

– لە شاخ بەرپرسیارێتی چاپکراوەکانی یەکێتی نوسەرانی خستە ئەستۆی خۆی.

– دوای راپەڕین دەستیکرد بە چاپکردنی هەندێ بەرهەم [ پرسیار .. شیعر ... هاوار لە سێبەری گۆرانیەکدا .. چیرۆک ... دوو هاوڕێ .. چیرۆکی منداڵان وەرگێ...

هەڵوەرینی روح .. کۆ شعر.. ئێوارە یەکی شەوار...

چیرۆک ... چاپکردنە...

...

–لە کۆنگرەی راپەڕینەوە وەک دەستەی بەڕێوەبەری لقی کەرکوک و دەستەی نوسەرانی

... چەندین رێکخراو و سەندیکایە .

...یی، ریبازی ئازادی ، .....کاریکردوە